# ژێ.کاف

## چبوو؟ چی دەویست؟
## وە چی لێ بەسەرهات؟

کۆکراوەی: سەید موحەممەد سەمەدی

G.K.

١٣٦٠ ی هەتاوی / ٢٥٩٣ ی کوردی / ١٩٨١ ی زایینی

مەهاباد

بسم الله الرحمن الرحيم

## سەرەتای نووسەر

## مێژوو چیە ؟

ئەگەر بلێین ڕیشە بۆ دارێك چلۆنە و چ بایخێكی هەیە ، مێژووش بۆگەلێك هەر ئاوایە ، قسەیەكی زۆر دوور لە ڕاستی مان نەكردوە.

مێژوو یانی بە سەرهاتی واقیعی گەلێك ، یانی چۆنیەتی كردار و وتار و بیركردنەوە یان .

هەر پۆلێك بۆ تاریفی مێژوو مانایەكی تایەتیان هیناوەتە گوڕێ ، وە هەزار چەشنە ڕییس و گوریسیان تێك خستۆتەوە ، وە ڕەنگ بێ ڕێگە یان لە زۆركەسانیش هەتلە كرد بێت . ئێمە زۆر خۆلە و بە نە ئالۆزە ناگەیێنین وەتەنیا ئەوحەقیقەتە ساكارانە دەنووسین كە جەماوەرتێ دەگات و لێی حالی دەبێت .

لە پێشدا پێویستە چەند قسە لە بابەت ئەوسفەتانەوە بكەین كە مێژوو نووس لازمە بی بێت : هەوەل شەرتی مێژوو نووس ئەوە یە كە ڕاستگۆ بێ و لە خودا بەدەر لە كەس نە ترسێ . ئەوجار بە هیچ چەشنێك تەعەسوبی نە بێت و بە بێ بەڵگە لایە نگری لە كەس یان لە شتێك نە كات . مە سە لەی گرینگ ئەوە یە كە تاریخ نووس دەبێ زمانی پاك بێت وە بە هیچ جۆرێك قسەی ناحەز لە نووسراوەكانی دا نە بێت . ناڵێم ڕەخنە لە ناپاكان نە گرێت ، هەرگیز ئەوە ناڵێم ، دەڵێم زمان و قەڵەمی بە ئەدەب بێت وئالوودە یان

نه کات • ئەو جار ئەگەر شه رحی شکانی یه کێك ده نووسێ ، لـه نووسراوه که یدا هه تا ده توانێ سەرکووت له شه خسه که نه دا ت وه وا نیشان نه دا کـه بۆ خۆی هەرگیز هەڵەی نابێت، ئەگه ریەکێك هەڵخلیسکا ، ئینسانییەت نیـه که به سەریشی دا بدرێ • ئه و

شێوه نووسینه بێ فەرهەنگێ و سووکی نووسەر دەگه یـێنێ •

به کوورتی و به کوورد ێ بلێم: پێویسته مێژوو چه شنێك له چاکان و پاکان یاد بکات که هەموو که سێك بۆ چاك بوون هان بدا ، وه چه شنێك له خراپان و ناڕاستان و بێ ئەمەگان بدوێ وه وایان بشکێنێ کـه هیچ به شه رێك نەوێرێ بۆلای خراپه بڕوات • وەك شمشێر ببڕێ و وەك تـەرازوو میزان بێت • شتێکـی ئەوا وایه که ئەرزشێ نیـوی بەرزی (مێـژوو )ی هەیه وه ده توانێ چرایەك بێت بۆ ڕێگه تاریکەکانی که له ژیاندا له پێشمانن • ئەو بەسەرهاتانەی که له نێو ئێمه دانووسراون به داخەوه زۆر کەمی ئەو بایخه یان هەیه • نووسراوه یه ك تەنیا بۆ چاپلووسێ هاتۆته سەر کاغەز ، یەك بۆ خەڵك هەڵخەڵەتاندن یەك بۆ کینەو دووبەرەکایەتێ سازکردن ، یه ك بۆ نێو بانگ دەر ــ خستن وه • • • • زۆرکه میان نێوی مێژوویان له سەردادەندرێ •

ئەوجار چەند باسێکیش له سەر مه سه لەی " ڕێکخراو" وه کـۆڕی سیاسی ،هەرچه ند زۆر گرانیش تەواو بێت •

نه قلێك له نێـو تەو ریـزیاندا زۆر مه شهووره ،ده لێن ژنێـك

کوڕە کەی ناردبوە لای مزگە ریێك تاکوو مزگەری فێر بێ • کورە سێ (۳) ڕۆژ چوو بۆ لای مزگەر و ئیدی نە چۆوە • کابرای مزگەر هاتە بەردەرکی مالیان و لە دەرکەیدا • ژنە هاتە دەرێ ،مزگەر پێی گووت کە لە بەرچی کوڕە کەت نایە تەوە سەرکارێ ؟ دایکی گووتی ، وەڵلا کوڕەکەم دە لێ مزگەری فێر بووم و پێویست نیە کە چێ دیسی بچمەوە دووکانێ ! مزگەر سەری سووڕما و گووتی : جا چلۆن بە سێ ڕۆژ هەموو شتێك فێر بوو؟ دایکی کوڕە وەلامی داوەو گووتی : بەلێ ، دە لێ فێر بووم ،مسێ لە نێو ئاور دە نێن هەتا سوور دە بێتەوە ،بە چەکوچان وەری دە گەڕێنێ هەتا پان دە-بێتەوە ، لیوارە کانی هەلدە گێرنەوە ، دە بێتە مەنجەل !
کابرای مزگەر بزێکی هاتێ و گووتی : چاوی سەرم بێ • بۆخۆی جوان فێر بوە هیچ ،دایکیشی فێر کردوە !ئەوەی گووت و ڕۆیی •
ئەومەسە لە لە نێو ئێمە دا نموونەی زۆرە • ئەوە نیزیك بە ۳ی سالێ دە بێت کە ئالێ و گۆڕێك لە وولاتە کە ماندا بە دیی هاتوە وە فەزا-یەك ساز بوە بۆ ئەو کە سانەی بیانەوێ دڕوویەك لە دە ستی گەلە-کە یان دە ربێنن • بەلام لەوماوە زێڕینە دا چ کراوە ؟
وەك خیز و خولێ "ڕێکخراو" ، "پۆلی سیاسی" وە دە ستە ی جوراو جور ساز بوە • تاخودا حەز دە کات ئیعلامیە و ئیتتلاعیە بلاو کراوە

تەوە ،بە ئەندازە یك کـە ئەگەر تە نیا پوولی کڕینی ئەو کاغەزانە درا

با بە " چەوساوەکان " ،هەموو لە بەد بە ختی دە هاتنە دەرێ!

تە واوی ئەوکە سانەی کـە هە تا دوێنێ دە ستی ڕاست وچە پی

خۆیان نە دە ناسی ،یان بەرهە ڵستی پێشکە وتنی گەلی خۆیان

بوون ، ئەو ڕۆکـە هەر وەك کوڕی ئەو ژنە یان لی هاتوە کـە چو بوو

مزگـەری فیـر بێت •بە دوو ڕۆژ هەموو شتێك فێر بوون هیچ ، زۆر بە

پە لە دە یانـە وێ جـە ماوە ریش فێر کـە ن•

" ڕێکخراوی سیاسی " بـە بیروڕای من ، ئەوە یە کـە :" پۆلێـك

ئینسانی ژیر و تێگە یشتوو،دڵپاك و بە ئیمان ،ئامادە بۆ دیتنـی

هە رچە شنە سە خڵە تێك ،تە واوی پێداویستێ کانی وولاتی خۆ و

گە لێ خۆیان باش بناسن ،دەردە کانی گەل بدۆزنەوە ،دەرمانـی

دەردە کـە ببیـننەوە ،بیرو ڕا بکەنە یەك ،ئەوجار دە سبە کار بن•

لە لایەك ئینسانی باش و دڵسۆزی وێنەی خۆیان بێننە نێو کـۆڕ، وە

بیان کە نە هاو بیری خۆیان ،لە لایە کی دیکە شەوە بۆچارە سـەر

کرد نی ئەو دەردانەی کە دییانەوە ،هەنگاوی پێویست هەڵبگرن " •

ئەوە یە مانای ڕاستی ڕێکخراوی سیاسی • وەك دەی بینن بناغـە ی

لازمە لـە سەر سێ (٣) شتان داند رابێت:

الف) عە قڵ،فام ،وە خت ناسین و تێ گە یشتن• بۆ ئەوەی کـە

دەردەکان و دەرمانەکان باش بناسرێن‌وە بدۆزرێنەوە ، وە حە ـ
قیقـەت باش دەرك بکـرێ ٠

ب ) دڵپاکـیێ و ئیمـان وعەلاقەمەندیێ ، بۆ ئەوەی کـە ڕەنج
دیتن‌و تووشی سەخڵەت بوون لە بەرکەس‌گران نە بێت ٠ هەروەها
کە سیش‌قازانجی تایبەتی خۆی لە بەرچاو نەبێ وە هەوا وهەوەس
تێکـەڵ بەکاروباری سیاسی نـەکات ٠

ج ) کۆشش‌بۆ زیاد کردن لە ئەندامانی ڕێکخراو،بوئەوەی کـــە
هەم هێز زۆر بێ ،هەم پێشکـەوتن هاسان بێت ٠
ڕێکخراوێکـی کـە بەوشە ڕایەتانە پێمك بێت دەتوانێ کاری گەورە
بکات و نێوی بە ڕێـز و حورمـەت لە دوای خۆی لە مێژوو دا بـە
جێ بێڵـێ ٠
زۆرن لە ڕێکخراوەکاندا کەتەنیا حەول وتەقەلا یان ئەوەیـەکە
تەنیا ژمارەی هۆگران وئەندامان زیاد بکەن ،بە بێ ئەوەی کە
ئەوحەقیقەتەیان لە بەرچاو بێت کـە ژمارەی زۆری لایەنگربەبێ
ئەوەی کە ڕێباز وئامانجی هەموان یەك بێ نەتەنیا هیچ چـە ـ
شنە ئەرزشێکـی نیە ،بەڵکوو سەدها زەرەری لێ هەڵدەستێ هەر
وەکوو تا ئێستـێ بچاودیوومانە ٠
ئەگەر سەیری مێژووی " مشروطیت "ی ئێران بکەن زۆر شتوو بـــۆ
ڕوون دەبێتـەوە ٠ لە هەوەڵەکانی دەس‌پێکرانی شۆڕش ،کـە

تەواوی خەڵك لە دەس زوڵمو زۆری بێ دادی تایفەی (قاجار) وە ئامان هات بوون، هەر دەنگێکی دژی حکوومەت هات بایە فەوەن لێی دە هالان ٠ لە هەموو جێگەیەك نوتق دە کرا، مەقالە لە رۆژنامان دا دە نووسرا، لە سەر مینبەران ئایەتی " واعتصموا بحبل لله جمیعاً " و٠٠٠ " مانا دە کراوە و لێك دەدراوە ٠٠٠٠ دونیا لە و پاڵ رێکدانەی گەلی ئێران سەری سووڕما بوو. کە چی دیترا زۆر زوو توانیان دوو بەرەکایەتی باوێنە نێو خەڵکی ئێران، وە دەستەیەك موسەللەح کەن، تا هاووڵاتیێکانی کە دوێنێ پەیمانی برایەتیان لەگەڵ بەست بوون، ئەو رۆ بە نێوی " مشروطە چی " بیان کوژن ! یانی دوو برا بە دەس یەکتر بە کوژ دەن ٠

ئەو مەسەلە دوو شتی زۆر گرینگ روون دە کاتەوە : یەکیان ئەوە هەر کاتێك خەڵك کۆ بوونەوە، وە لە خۆ پێشان دانی سەد هەزار و دووسەد هەزار کەسی دا بەشداریان کرد، ئەوە نیشانەی یەکگرتوویی و ئیتیحادی وان نیە ٠

دووهەم، پێویستە گەل لە پێشدا ئامادە و لایقی ئازادی وئازاد بوون بکرێ، دە نا هەر کۆششێك بەرەو تێك شکان دە ڕوات ٠

ئەو رۆ کە شەرحاڵە تێکی ئاوا لە نێوماندا هەیە ٠ لە هەموو لایە-

کـه وه ده گووترێ ، ده نووسرێ ، مەوعیزه ده کرێ کـه : پاڵ
ڕێك دەن ، یه ك بگرن ، ئیتیحاد وبێ ۰۰۰۰ ئه وه ڵ ئیتیحاد
ئاخر ئیتیحـاد وه ۰۰۰۰ بـه ڵام خاترجه مع بن کـه هه رگیز
بـه وچه شنه کارانه یه کگرتن به دیـی نایـه ۰ ئه وکاره هـه ر
وه ك ئه وه ده چێت کـه دوکتورێـك له بن سه رێ نه خۆشێـك
دا بنی شێ ، وه به جێگـه ی ده رمان ده رخوارد دان وچـاره
سـه رکردنی نه خۆشه کـه ، هه رته عریف له ساغی وسڵا مه تـی
بکات وخراپـی و زیانبـاری نه خۆشی شه رح بدات، وه پـێ ی
وابێ کـه به وکاره سه کرانه ی ویـی نه خۆشه کـه چاك ده بێته وه ۰
ئایا کابرای نه خۆش بـه ئیشتیـای خۆی یان هه رله خۆڕا نـه خۆش
کـه وتوه کـه به چه ند ڕسته تاریف کردن له سڵا مه تی چاك بێتەوه ؟ ۰
کـێ هه یه ئه و ڕۆکـه قازانجی یه کگرتن وئیتیحاد نه زانێ ؟
به ڵام ئه وه ی گرینگـه ی ئیشارەی پـێ بکه ین ئه وه یـه کـه یـەك
گرتن واته ئیتیحـاد به ئیشتیـا نیـه ، به ڵکوو به وه یه کـه بیر وڕا
یه ك بن ، ڕێباز یه ك بن ، ئامانج یه ك بن ۰
خه ڵك له خۆخڕکردنه وه شتێکـه و وه دوای چاره سه رکردنـی
به دبـه ختی گه لێـك ، شتێکـی دیکـه یه ۰
وه دوای هه وا وهه وه س که وتن ، هه ڕ وگیفی منداڵانه نیشاندان
یان وه دوای قازانجی خۆکه وتن شتێکـه ، وبەردی قورسی چاره

ڕەشی لە سەرسینگ و شانی گەلێك لا بردن شتێکی دیکە یە .

جا بۆیە دەڵێم: پێویستە ئاڵ و گۆڕێکی بنەڕەتی لە بیر و ڕاکانمان دا بە دی بێت، ئاڵ و گۆڕێك لە ئەو شتانەی لە مێشکەکانماندان بە دی بێت، دەنا ئێمە ئەوەی هەین هەر هەین، ئەگەر سەد ڕژێمی دیکەش بێت و بگۆڕێت .

با پێشی ئەو مەسەنەویە بگرم کە لە سینگم دایە ....

چەند کە لیمەش قسە لە ئەو چەند لاپەڕە بکەین کە بە نێوی " ژ. کاف چبوو؟ چی دەویست ؟ وە چی لێ بە سەرهات بە دەستتانەوە . مەسەلەی ژ. کاف تاکوو ئەو ڕۆ شتێکی ئاوای لە سەر نە نووسراوە . غەیری چەند ئیشارەی کوورت لە چەند کتێبێك وەکوو: " کۆمارە کوردی کەی ساڵی ١٩٤٦ " ، " از مهاباد خونین تاکنارە های ارس " ، وە سێری کتێبێك بە نێوی " کتاب جمعه " کە زۆرتر وەك تارمایی دەچن، شتێکی زۆر موفەسسەل لە و بارەوە نە نووسراوەتەوە . هۆی ئەو کارەش دەتوانن چەند مەسەلە بن: یەکیان لە پاش ڕووخانی کۆماری مەهاباد، هیچ کەسێك توانایی و جورئەتی نە بوو کە دەس بۆ کارێکی وا بەرێ ، وە هەرچەشنە سەنەد و نووسراوێکیش کە لە و بابەتەوە هەبوە ، سووتاندوویانە چوونکوو بناغەدانەرەکانی ژ. کافیش (غەیری یەکیان) هەموو ی

سابـــلاغی (مه هابادی) بوون ، له ناوچــه ی ده‌ره وه و خاریـج له مه هاباد کــه س‌ئه و ئاگاداریــه پێویستــه ی نه بۆ کــه ده س‌لــه کارێکــی وا بــدات ،به ڕاستیش ئیتیــلاعاتێکــی زۆریان له‌و ڕێکخراوه نــه بۆ چوونکوو بێ غایــه ت نه هێنــی بوه •

جا تــه واوی ئه‌وهویانــه ی خڕبوو نه وه وه نه یان هێشتوه کــه شتێکــی زۆر پتــه‌و له‌و باره‌وه بمێــنێــته‌وه •

ئه من وام بو ده‌رکــه وتوه ،کــه لانی که م له کورد ستان‌ی ئێرانی ڕه نگ بێ ئه‌وه تــه نیا ڕێکخراوێــك بێ کــه له ناخی جه‌رگی گه لی کورد هه لقولێ بێت ،وه په یوه ندی به غه یری کورد ( یان بـــــه ووته‌ی مامۆستای زانا عبه یدیللای ئه یوبیان = به نا کورده‌وه ) نه بووبێ ، یان ئه‌گه‌ربووشی بێت ، به غایه ت که م و شیاوی چاو لــێ پۆشین •

داخه که م تا بــه ئه وڕۆ (سالی ۱۳٦۰ی هه تاوی ) له ته واوی بناغه دانه ره کانی ئه‌وڕێکخراوه ته نیا سێ ( ۳ ) که سیان زیندوو ماون : جه نابی مه‌لا قادرموده‌ڕڕه سی ،کاك سه ددیق حه یده‌ری ، وه موحه ممه‌د یاهوو •

تاکاتی ئاماده بوونی ئه‌وچه ند لا په‌ڕه ئه من ته نیا ده ستم به‌دوو کــه سیان ڕاگــه یشت = جه نابی مه‌لا قادرموده‌ڕڕه‌سی ، وه کاك سه ددیق حــه یــده ری • نووسراوه ی ئــه وچه ند لاپه ڕه له

سەرچەند جەلە سەووت و ویژ لەگەڵ ئەو دوو مرۆڤە بەڕیزە
سید محمد صمدی ٠
دامەزراوە ٠

---

هەرلێرەوە ، خوێنەری بەڕێز و خۆشەویست ، ئێوە لەگەڵ " مەلا قادرمودەڕەسی " بەتەنێ بەجێ دێڵم ، فەرموون گوێتان لەقسەکانی وی بێت :

٠٠٠٠ لە ساڵی ١٣٠٦ ای هەتاوی خویندنی سەرەتاییم لە شاری سابڵاغ تەواوکرد ٠ وەزعی ئەوزەمانی مەهاباد زۆر سەیر بوو٠ خویندنی دەرسی غەیری دەرسی ئایینی کارێکی دروست نەبوو٠ کە یەکێك چووبایە دەبیرستان (پۆلی ناوەندی) — ئیدی بەجارێك کافر دەبوو٠ کە بڕوای بە خڕبوونی زەوی هەبا یان کووتبای عەرز دەگەڕێ ، دەیان کووت = فلانەکەس گەڕاوەتەوە سەرشوێنی ئاورپەرستی !

ئەڵبەت کەسانێکی وەك ( قازی عەلی ) هەبوون ئەگەرچی پیاوێکی ئایینی بوو، زۆر ڕۆناك بیر و (متجدّد) بوو٠ بەڵام لە بەرامبەری ویدا کونەپەرستی وا هەبووکە باسیان ناکرێ ٠

بە هەزار خوینی دڵ خواردن مەدرەسەیکی ناوەندی لەو شارە داندرابوو، تەواوی کۆشش بۆوەی دەکرا کە ئەو دەبیرستانە دابخرێ ! یەکێك لە پیاوە بەناوبانگەکان بووبە کاندید بۆئەوەی ببێتە نوێنەری مەجلیس (ئەگەرچی هەرگیزنە

بوو بــه نویٚ نەرو نه چووه مه جلیس) پــیٚ یان ده کووت کــه ئیٚمــه ئــەو پــه ڕی کۆششمــا ن ده کــه ین کــه تۆ‌ڕه یــی به ڕیٚــوه وبچی بۆ مه جلیس ، تۆش ده بیٚ به ڵینــی بده ی کــه هەر گه یشتی تاران به ته واوی تین و تا و تەوه حه ول بدەی که ئەو ده بیرستانە له و شاره هەڵبگیــریٚ! جا وولاتیــٚك بــه وفــه زایــه وه ، دیاره کــه بیــروڕای سیاسیشیــا ن چۆن ده بیٚــت ؟

ئــەو ڕۆژگا ری ، لــه نــه ما نــی شیٚــخ عوبه یدیللا و دەورووبــەر — یــکانی ڕۆژگا ریٚــکی زۆر نــەده گوزەرا ، وه ئەو مه سه له زۆر کۆن نه ببوو، وه شویٚنی له سه رخه ڵك هه بوو، جا بۆیــه جاروبا رچه شنه کۆششیٚکی سیاسی پییٚــك ده هات ،به ڵام بیٚ سازمان و بیٚ سەرەو بــه ره وه — ده توانین بڵییٚن بزووتنــەوەی کــۆر به دیی ده هاتن ٠

ئیٚمه ش ده سته یەك لاوی خوینده وار ببووین که ئاوریٚکی به تین لــه ده روونماندا بڵیٚســەی هه بوو،به ڵام ئەو کات ڕیٚگــه یکی ڕووناکمان له پیٚش نــه بوو و نه مــان ده زانی چی بکــه ین ٠ ئەوتین و مەیله له ٢٥ی شه هریــوه ری ساڵی ١٣٢١ی هه تاوی ڕیٚــکه وتی ١٦ ی سپتامبــری ١٩٤٢ شکڵی گرت ٠ ئەو ڕۆژه له گــه ڵ پــۆ لیٚــك چووینه باغی ئه مینولئیســلامی که هەر ئیستا نه خۆشخانەی (مبا رزه با سل )ی مه هاباد له ویٚ هەڵکــەوتوه ،وه له ویٚ نوتفەیته شکیلاتی ژیٚ٠کاف

گوورا • ئـەو ڕێـکخراوە شتێکـی سەد دەرسەد ( ١٠٠٪ ) وە خالیس‌نـە تە وایـە تی بوو • مقیاس‌و مەعیـار و پە یمانە بـــۆ ئە ندامە تی لە و ڕێـکخراوە دا تە نیا " کورد " بوون بوو •
مە بە ستە بنـە ڕە تـێکانی کۆمەڵەی ژێ • کاف ئە وانە بوون :
١ــ بناغە دانەرانی ژێ • کاف لە ڕوی تە جرە بە و ڕووداوە مێـژووئیـە کان بۆیان دە رکە وتوە کـە دە س‌بردن بوچە ك غە یری چارە ڕە شی وەهەد بە ختی بۆ گە لی کورد هیچ بەرهە مێکی دیکەی نیـە ، یانی دیتن بە چاو و بوون لە تاریخدا ئەو مەسەلەی پـێ سە لماند بووین نە ترسـە نۆکـی •
٢ــ بناغە و ئە ساسی کۆمەڵەی ژێ • کاف لە سە ر ئەو ڕاستە قینەیە کـە گرینگترین هە نگاو بردنە سە ری سە تحی فەرهە نگی گە لی‌کوردە یانی گرینگترین کۆششی کۆمەڵەژێ • کاف ئەوە دە بێت کە سە تحـــی فەرهەنگی گە لی کورد بە ڕێتـە سـە رێ تائەو گەلە لایقی ئازادی بێت و ئامادەی وە دە س‌هێنانی مافی خۆی بێت •
٣ــ لە ڕوانگـە ی دیانـە تە وە = لە بەرئە وە ی کـە " دینـی ئیسلام " زیاترلە هە زار ساڵە تێکـە ڵ بە ژیانی ماددی وەمە عنە وی گە لی کورد بۆە ، بە بە شێك لە فەرهەنگی گەلی کورد حیساب دەکرێ وە ژێ • کاف ڕێـزێکـی تایبە ت بۆئە و ئاییـنە پیرۆزە دا دە نـێ •

تــه واوی ئــه وكه ســانــه ی د ه بوونه ئه ندامی ژێ٠ كاف بـــه
به " قورئانی " سوێنــد ده دران ٠ كوردی شیعــه ، كوردی
ئاور پــه رست ، كوردی یــه زیـدی ،كوردی شه یتان په رست ،وه
٠٠٠٠ ده یان توانی ببنــه ئه ندامی ژێ٠كاف،ته نیا جیاوازی
وانــه لــه گه‌ڵ ئه وانی دیــی ئه‌وه بوو كــه له كاتی سوێنــد دان
دا ، ئــه وتاقمــه بــه كتێبــی ئاسمــانی خۆیان ، یان هــــه ر
شتێكــی كــه لای وان موقه دده س بوو ، سوێند ده دران٠
٤ــ چوارده سته ( تاقم ) ده یان توانی ببنه ئه نداميژێ٠كاف
بــه ڵام هه رگیــز نه یان ده توانی به پله‌ی سه‌رۆكــی ژێ٠كاف
بگــه‌ن ، ئــه وچوارده سته ش بریتــی بوون له : ئاغاــ شێــخــ
مــه‌لا ــ وســه ید ٠ هۆی ئه‌وكاره ش جوان دیاربووكه چیــه ،
لــه نیوجه ماوه‌ردا هێندیان ڕێــز بۆ ئه‌و چوارده سته یه دا نابوو
كــه چه شنێك " دیكتاتوری " سه یرله كرداری وانه دا به دیــی
هات بوو، هه رئه‌وه ش به س بوو بۆ ئه‌وه‌ی كه نه توانن به پلــه ی
ســه رۆكــی بگه‌ن ٠
ئه‌وجار بزووتنه‌وه‌ی چه كداران ش ته نیا زه مانێك ته ئيید ده كــرا
كــه هه‌م پله‌ی فه‌رهه‌نگی گشتی تا ڕاده ی پێویست چووبایــه سه‌ری
وه ڕێكخراویش ئه‌وه‌نده به هێــز بایه وه په یوه ندی له گه‌ڵ ته واوی

ناوچه کانی کورد وستانی گـه‌وره ئه‌وه نده بایـه کـه له یه‌ك کاتدا وه هاوئاهه نگ له کورد وستانی ئیران ـ عیراق ـ تورکیـه ـ سوریا ، راپـه رین ده ستـی پـی کرد با ، چوونکوو ئـه وه ش ئامانجیکـی زۆر نیـزیك نه بوو ، زۆری خۆ پیـوه ماند وو نه ده کرا .

کـه سیك کـه ده بوه ئـه ندامی ژی . کاف ، هه وه لی ده چوه حه مامـی وه لـه روانگـه ی ئاییـنـی وه خوی خاوین ده کرده‌وه ، ئه‌وجار ده هاته لای سی ( ٣ ) کـه س ، وه له لای وان حه وت جاری به قورئان سوینـد ، بو وه بـه رچاو گرتنی ئه‌وشه ش مه به ستانه ده خوارد :

١ ) خـه یانه ت به نه ته‌وه‌ی کورد نه کات .

٢ ) کۆشش بو خود موختاری کوردان بـکات .

٣ ) هیچ رازیکی ریکخراوه ، نه به زمان ، نه به قه‌لـه‌م ، نه به ئیشاره ئاشکرا نه کات

٤ ) هه تا ئاخری عومری هه‌ر ئه ندام بیت .

٥ ) ته واوی پیاوانی کورد به برای خوی وه ته واوی ژنانی کورد بـه خوشکی خوی بـزانی .

٦ ) به بی ئیزنی کۆمه‌لـه‌ی ژی . کاف نه بیته ئه ندامی هیچ ریکخـراو و ده سته یـه کی تـر .

وه غه یری ئه‌و سی که سه ش ، کـه سیکـی دیکه‌ی نه ده ناسـی . بوونی مه عنه ویه ت و ئیمانی راسته قینه ، خوی زه مانه تیکی زۆرباش

بوو، وه زۆر بوون كه‌ سانێكی كه‌ هه‌ تا دواهه‌مین هه‌ ناسه‌ كا-
نی ژیانیان ،به‌ هیچ قیمه‌ تێك له‌و په‌ یمانه‌ یان لایان نه‌ دا .

له‌ ماوه‌ یه‌ كی زۆر كه‌ مدا ژێ. كاف له‌ ماكۆ را تا كرماشانی گرته‌ ژێر نفووزی خۆی ،وه‌ بلاو بوونه‌وه‌ی به‌ راستی سه‌ر سوورهێنه‌ ربوو. كاروباری ته‌ واو نه‌ هێنی بوو، به‌ ووته‌ی ئه‌م رۆییه‌ كان ده‌ كرێ بلێم " ژێر زه‌ مینی " بوو. د روشمی ژێ. كاف تاوێك (هه‌تاو) بووكه‌ به‌ لاتین دوو پیتی (ژ. ك ) له‌ نێوه‌ راسته‌ كه‌ی دا نووسرابوو. بناغه‌ دانه‌ ره‌ كان ئه‌ وانه‌ بوون : موحه‌ممه‌د نانه‌ وازاده‌ -- ره‌حمان زه‌ بیحی - حوسێن فروهه‌ر- عه‌ بدولره‌ حمان ئیمامی - قاسم قادری ،هه‌ زار ره‌ حمه‌ ت له‌ قه‌ بری قه‌ ت،كوردی وا هه‌ رنه‌ بوه‌ - مه‌لا عه‌ بدوللای داودی مه‌ شهوور به‌ مه‌ لای حه‌ جوكی - موحه‌مه‌ د یاهوو - بۆ خۆم ( مه‌ به‌ ست مه‌لا قادره‌ ) - سه‌ ددیق حه‌ یده‌ ری- عه‌ بدولره‌حمان كه‌ یانی - وه‌ میرحه‌ ج ی عێراقیش له‌ پێك هاتنی توخم (نوتفه‌ )ی ژێ. كاف دا له‌ وێ بوو. وه‌ رابیتی ژێ. كاف له‌ گه‌ڵ حیزبی هیوای عێراق ،سه‌ عیدی حه‌ مه‌ قاله‌ی بێستانچی بوو ،كه‌ به‌ راستی بێ غایه‌ تی زه‌ حمه‌ ت ده‌ كێشا . ماوه‌ ی دوو سالان، - "حوسێن فروهه‌ر" (حوسینی زێرینگه‌ ران ) رئیسی كۆمه‌له‌ی ژێ . كاف بوو.

یەکێیەکی ئەندامەکانی ئامادەی هەموو چەشنە گیان بە-
ختکردنێک بوون ، هەر کارێکی پێ یان ئەسپێردرابا ، هەر
لایان وابوو خوداخەنی کردوون. یەکێک بەڕێ کرا بۆ عێراق
واهات کە لەوێ گیراوە تووشی ئەشکەنجەو تاڵێکی زۆر هات
لە پاش ماوەیێکی درێژ کە گەڕایەوە مەهابادەهە میشە
ئەو ماوە زیندانەی بە خۆشترین کاتی ژیانی دەزانی و شا-
نازی پێوە دەکرد. هەزار ڕەحمەت لە قەبرەکەی سۆفی
موحەممەدبرای عەلی ڕیحانی بۆمەئموورییەت چوو بۆ عێراقی
لە ڕێگەی گەڕانەوەدا ، کە زستانێکی زۆرسەخت بوو، گور گ
خواردی . تائەو ڕۆ نەبۆە کە دەستەیەک ئاوا بەگەرمی و
بەڕاستی و بە ئیمانەوە بۆگەلی خۆیان حەولدەن .
ئەلبەت وەک هەموو ڕۆژگارێک ئەوکاتیش " گولە بەڕۆژە "
هەبوون ، کە تاو لە هەرلایەک ڕاهەڵاتبایە ڕوویان لەولای
بوو ، بەڵام ئەوەندە نەبوون کە شیاوی ئاوڕ ویدان بان .
وردە وردە ڕۆژگارتێدەپەڕی وساڵی١٣٢٤ی هەتاوی نێزیک
دەبۆوە. ڕوو داوەکانی ئەو ساڵی کتێب و ووتاریان لە سەر
نووسراون ، ڕەنگ بێ ئاگاداری باش لەو کاتی لە لای زۆران
هەبێ هەر بۆیە ئەمن زۆرلەسەری باس ناکەم. کاتێک ڕووسە
کان بەجوانیوتەواوی دەستیان بەسەر ووڵاتداگرت ، یە-
کێک لەوشتانەی کەدەیانەویست دەستی تێدەن و بیگۆڕن

کۆمەڵەی ژێ٠ کاف بوو٠ بەلام هەرچی دەیان کرد تێی نەدە—
گەیشتن ،وە تێی دا سەرگەردان مابوونەوە ٠ دەتوانم بە
دڵنیایی بڵێم ئێستاش ئەو جوورەی دەیانە ویست لەوڕێکخراوە
هەرنەگەیشتن ٠ بەڵام کۆشش بۆ بڵاوکردنەوەی (متلاشی کردن)
لە زۆر لایانەوە هەردەکرا ٠ ئاخری توانیان کە پیاوە لێ هاتوە—
کان یەك یەك و دوو دوو وەلا بنێن ٠ ئەلبەت لە ڕاستەوە
نەیان دەکووت = فلان کەس وەرە بڕۆ دەرێ !
وورده وورده کاریان بە ئینسانە لێ هاتوەکانی کۆمیتەی ناوەندی
دەسپارد ،کە لە جەرگی کارە کە دووربکەویتەوە ، مەسەلەن
ئەمنیان کردە مەسئوولی چاپخانەی کوردوستان ،ئەگەرچی ئەوە
کارێکی زۆر گرینگ بوو ،بەلام هەرچی بێ ، ئەمن لە کۆمیتەی
ناوەندی کۆمەلەی ژێ٠ کاف وە پلەی تەسمیم گیری دوور دەخستەوە٠
بەوچەشنە یەك یەك کارزان وەلا دەندران،وە کارنەزان وگوێ
لەمست ،جێگەی وانیان دەگرتەوە ٠
ئەوجار لە لایەن ڕووسەکانەوە (بەتایبەت جەعفەر باقر ئۆف) وە
وابەستەکانیانەوە (وەکوو جەعفەر پیشەوەری) ئەو زەمزەمە ساز
بوو کە پێویستە ژێ٠ کاف ئاڵ وگۆڕێکی بنەڕەتی تێدا بە
دی بێت ،لە شکلی نهێنی بێتە دەرێ ،ناوی بگۆڕێ ،وە ٠٠

کــه وابوو ، کمم که م کۆمەڵەی ژێ٠ کاف کاڵ بــۆوه ، وه حیزبی

دێموکراتی کورد وستان جێگــه ی گرتەوه ٠ بۆ لیێکی زۆر لــه

دڵســۆزه به ڕاستــێ کانی ژێ٠ کاف هاتن ده حیزبی تازه وه وه

ته واوی حه وڵ و تەقــه لایان ئەوه بووکــه بەرنامه و پرۆگرامه کانــی

پێشــوو لــەوقالبــه تازه یــه دا بــه ڕێــوه بــه رن ٠(به ڵا م

هەرهه وه ڵین هه نگاو له سەر شوێن و ڕێبازی خۆی که میــلـك

بترازێ ، وه لار بێــته وه ، ئیــدی تازه تا بەرەو پێشــه وه بڕۆیــن

له ئامانج و ڕێــگــەی ڕاست بــۆ وی دوورتر ده بینــه وه)* ٠

داخه کــه م حه وڵ وته قه لای بێ خــه وشی وانــه ، بەرهەمێکی

کــه چاوه ڕوانی ده کــرا ، نــه ی بوو وه نــه ی دا ٠

" عه بدولڕه حمانی ئیلخانیزاده " شیاوی هه موو چه شنه ڕێــز و

حورمــه تێکــه چوونکوو له ڕوانگــەی ماڵیــوه ئەو پــه ڕی یارمه تــی

به ژێ٠ کاف ده کــرد ٠

ئه من به و ته مه نوو نه ساغیــو نارەحه تی فیکری و ڕوحیەی کــه

هه مــه ،به هه موه گیر و گرفتانەی که له ژیانمدا بۆم هاتوته پێش

ئه وجار هیــچ چه شنه سه نه د وبــه ڵگه یه کیش که لەوکاتیــوو

زه مانێوه به ده سته وه نه ماوه ، هەرئه وانه م له بیر ماون کــه پێم

کووتی ٠ ڕاگرتن و نووسینی وانه ش خۆی خزمه تێکی گەوره یه ٠

سه یری ڕابردوو بکـه . " فلانەدەولەمەند " یان "
فیساره ساماندار" بـه وهه موه مال وداراپـه ته وه چیان لێ هات ؟
ئایا هــه روه ك بلقــی ســه رئاوێ نــه بوون ؟
بەلام " مەلا مارفی کـۆکـه یـی " چوون خزمـه تێکـی بـه زمانی
نـه ته وەی خۆی کـرد ،هەرگیـز نامرێ و نیـوی ناکوو ژیـته وه .
تۆش کـه خه ریـکی کارێـکی ئاوای ، خۆی خزمه تێکـی زوره ،بەلام
پێـویستـه زۆرت ئاگا لـه خۆت بێ، چوونکوو ئێمـه دوژمنـی زۆر
زیـره ك و دۆستـی زۆر نـه زانمان بـێ غایه ت زۆره .
تا ئیـره عـه ینـی ووته کانـی جه نابی مه لا قادرموده ڕڕه سـی
بوون کـه گوێتان لێ بوو. سپاس بۆ هه موو ووته کانی ،به تاییـه ت
بۆ رێ نموونی و نسحـه تی بێ غایه ت به کـه لکـی .
وه بـه لام بیـره وه ریـکانی کاك سمدیق حه یده ری، هێنده
زورن و هێنده جێگـه ی سرنجن که پێویسته سه فه رنامه یه کـی
لێ د روست بکـرێ . به تایبـه ت ئه و بیره وه ریانـه ی کـه لەگەل
ماموستا " حوسێن حوزنی موکریانی " هـه یـه تی .
کاك سه ددیق حه یده ری له بابه ت ژێ . کافـه وه هەرئه وانەی
ده کووت کـه جه نابی موده ڕڕەسی کوتبووی ،به لام به ووشه و ڕسته ها.
یـه کـی دییکـه . لـه به شێك له قسه کانی دا ،کاك سه ددیق
ئاوای بو گیـڕامـه وه : . . . . . ناس ناوی حیزبی من " سه یـد

عه زیز" بوو. کاتێك له وه‌هاباده مه وقعییه تێکم

بۆ هاته پێش که لێ بڕام هه‌ لێم،حه تتا ئه‌گه‌ر بۆ ما وه‌یه‌-

کی که‌میش بێ، له گه‌ل ده‌سته‌یه‌ك ڕۆومان له شاری

" سوله‌یمانی" کرد. ئه‌و شه‌وی ده‌ بوو چاومان به

قایم مه قام بکه‌وێ. که له گه‌لی دانیشتین زۆر به‌

گه‌رمی و ڕووی خۆش وه‌ری گرتین، نێومانی پرسی و هه‌ریه‌که‌ی

چه‌ند پرسیارێکی لێ پرسین. له‌پاشان که‌ یه‌ك یه‌ك و

دوو دوو ده‌ ڕۆیشتن بۆ ئیستیراحه‌ت کردن وحه سانه‌وه،ئه منی

به‌ته‌نی له لای مامه وه، ڕووی تێ کردم و کووتی: " کاك سه‌یید

عه‌زیز" ئێمه‌ گۆشتی یه‌کتریش بخۆین ئێسکی یه‌کتر ناشکێنین

ئه‌منیش هه‌روه‌کوو تو کوردم،مه‌دلم بۆکورد ده‌سووتی. که وابێ

ها بگره ئه‌و نامه بخوێنه‌وه که مه‌حڕه‌مانه بۆمن هاتوه. ئه‌منیش

سه‌یری نامه‌که‌م کرد،نامه‌ی حکوومه‌ت بوو،به‌لام به‌عه‌ره‌بی

نووسرا بوو. کووتم،براگیان عه‌ره‌بی نازانم،بۆخوت بۆم بخوێنه‌وه.

کووتی له‌و نامه‌یه‌دا نووسراوه که ئه‌و پۆله‌ی که له ... ڕاهه‌لا-

توون وه‌هاتوونه ئێره،یه‌کێکیان تێدا به‌نێوی" سه‌ید دیق حه-

یده‌ری" که پێویسته فه‌وره‌ن بگیرێ. جاکاك سه‌یدعه‌زیزگیان،تو

ئه‌گه‌ر ئه‌و شه‌خسه ده‌ناسی هه‌رچی زووتر پێی ڕابگه‌یینه که چاره-

سـه ری خۆی بکات • کووتم جه نابی قایم مه قام ،ئەو پیاوه تی و
ئینسانییـه ته ی تۆم هه رگیـز له بیر ناچێت • هەرئێستا ده چم
وه پـێ ی ده ڵێم کـه عیلاجی خۆی بـکات • ئه وه م کووت و هـه‌ـ
ستام،خودا حافیـزی و مـاڵ ئاواییـم له قایم مـه قام کـرد ،وه
هـه رئـه وشـه وی سـولـه یمـانیـم به جێ هێشت •



عەبدولرەحمانی زەبیحی

برا ی بەڕێزم کا ك " عەلی سەددیقی " ڕۆژێکی هەروا بەسەر
پێوە چەند قسەیێکی لە با بەت هەوەڵە کا نی پێکها تنــی
ژێ • کا فــەوە بۆ کردم و ئیشا ڕەی بەوە کرد کــە مرۆێك
بە نێوی " ڕەحما ن سەددیقی "یش یەکێك بۆە لە بنا غەدا نەرە
کا نی ئەو کوڕە سیا سیە وە شوێنێکی پێکوتم کــە بچمەوێ تا
ئا گا دا رێکی زیا ترلەوبا بەتەوە وەدەس بێنم • ئە منیش چووم
وەلێ ئەوەی پێویستم بوو وەدەستم نەکەوت ، وە نەم توا نــی
کە سەر چا وەی زۆر پتەو وە نووسرا وە لەو با بەتەوە پەیدا
بکەم • تکا یە لە ڕەخنەی دو ستا نە و برا یا نە لە بیرم مەـ
کەن و هەر چەشنە بەڵگەیەکوو لەو بارەوە لە خزمەتهە یە
پیما ن ڕا بگە ینن تا کەڵکیا ن لێ وەرگر ین • دا خەکەم میژوو
ی ئێمە زۆر ئاڵۆزە و شتێکما ن بە چەنگەوە نیە کــە نێوی
بەڵگەی تا ریخی لێ بنێن، بۆیە ئەرکی سەرشا نی هەموو پیا وە
دڵسۆزەکا ن و کوردە بەڕاستێکا نە کــە لەو شوێنەوە حەو ل
بدەنوە هەر کەسەی لەقەدەر توا نا یی خۆی هەنگا وێك هەڵێنێ
تەوە • لێرە دا شتێکی پێویستە ئیشا رەی پێ بکەم ئەوەیــە
کە ئەو ڕستا نەی کەلە کەوا نەدا ن یا ئەستێرەیا ن لە سەرە
(لەو کتێبەدا ) ئەوا نە تەوزیح یا ن بیروڕا ی کــۆکەرن •
با سێکی کورت لە دوا یی ئەو نووسرا وا نە دا بەئەرکی سەر ـ
شا نم دەزا نم جا قسەی خۆش بن یا ن نا خۆش ، واجبە بێ لێــم :

ڕزگاری گەلێك پەیوەندی بە چاك وپاك بوونی وانەوە هەیە پەیوەندی بەوڕاستەقینەوەهەیە کە هەموو بینە سەر یەك ڕێگە، لێك بڵاو نەبن، ئامانجیان یەك بێ، دەنا هەرگیز ڕووی حەسانەوە نابینن وە ڕوو داوەكانی جیهان هەر چی بێت و هەر چلۆن بێت، لە ئاكام دا بە زیانی وزەرەری - وان تەواو دە بێت. ئەو ئەوپەڕی نەزانی و بێ خەبەری یە کە دەستەیەك دا بنیشن وە لێكدا لێكدا قسە لە ڕوو داوەكا - نی جیهان بکەن وە هیچ ئەو چەپەڵی و نادروستیەی ناوخۆ - یان لەبەر چاو نە بێت و بایی بۆ دانەنێن وە لایان وا بێت کە ئاڵ وگۆڕی جیهانی ئەوان دەحەسێ نێتەوە.

ئەگەر بمانەوێ کە لەو زەبوونی و ژێرچەپۆکیە ڕزگاریمان بێت پێویستە چاك بین، گەلی چاك وئاڕاستە هیچ هێزێك لە دونیادا پێی ناوەستێ. بەڵام ڕێگەی چاك بوون چیە؟

وە چ چەشنە كارێك هەن ئەگەر كە سێك یان گەلێك بیکەن، پێی چاك دە بن؟ لە عالەمی قسەدا هەموو کەس ئەوە دە- سەلمێنێ کە پێویستە چاك بین، بەڵام لە کاتی عەمەل دا لە گەڵ دوو دژواری وسەختی گەورە ڕوو بەڕوو دە بین:

یەکەم: چاکەوخراپە لێك جیاواز نین وە پەیمانەیەك نیە تا ئەودوو مەسەلەیە هەڵسەنگێنێ و ئنووریێك لە بەینیان دا دا بنێ. جا بۆیە هەر دەستەی شتێکی پێ چاکەو شتێکی پێ خراپە.

ئەڵبەت دەزانم پاڵەوانانی عالەمی قسە ئەوەدرەنگ دە-
سەلمێنن و تا بتوانن سەفسەتە دێننەوە، بەڵام ڕاستی هەر
ئەوەیەچوون بەڵگەی زۆر ئاشکرا هەیە •

دووهەم : لە مەسەلەی چاك بوون داهەر کەسەی چاوی لە
یەکی دییکەیە وە هیچ کەس نایەوێ کە لە خۆی ڕادەس
پێ بکات • ڕۆژی زۆردە بینن هەر کەس دێ گلەیی لــە
دەس خەڵك هەیە وعەیبی جەماوەر دەژمێرێ بە هیچ جوور-
ێك خۆی هەر لە بیر نیــە ! دەستەیکیش هەن کە زۆر
سەیر وعەجایبن ، زۆرکاری هەڵە لـە خەڵك بە ئیراد دە-
گرن ، بۆ خۆیان هەر ئەوکارانە دەکەنەوە بەڵام بەڵگەو
دەلیل بۆ کارەکەی خۆیان دێننەوە • مەسەلەن یەکێـــك
نارەحەتە لە دەس ناڕاستی خەڵکی ، دە بینن بۆ خۆی ئەگەر
بۆی هەڵکەوت دزێك یان ناڕاستێك دە کات، هەر ڕەخنەت
لێ گرت دەڵێ : مەگەر لەو ڕۆژگارەیدا دەکرێ پیاو ڕاست
بێت؟ یان دەڵێ : گەل هەمووی بۆتە گورگ، ئەگەر ئەمن
مەڕ بم دە خورێم! ئەبەو چە شنە کارە خراپە کە دە کەن
هیچ دە بنــە فەیلەسۆفیش!

هەر ئەو دوو دژوارییە ، وەکوو دوو سەددی ئاسەن وان، تا
ئەوانە نەشکێن ، بەرەو پێشەوە چوون غەیرە مومکینە •
هەتا ڕێگەیێکی ڕووناك لەبەر پێی گەل نە بێت، ڕۆژی خۆش
هەر ئەوە دە بێت کـە دەی بینیــن •

ئایا هیچ بیرو لە مەسەلە کردوتەوە کە گەلی کوردلە تاریخی خۆی دا هەر دەلێی لە سەر موحیتی دایرەیەک حەولدەدا ، هەمیشە لە پاشی تێپەڕاندنی سێ سەدو شێست دەرەجە ، هاتۆتەوە سەر سیفر! . بۆچی وابوە؟ ڕازی ئەو کارە چیە ؟ نەقلێکی زۆر کورت و سادە دەگێڕمەوە :
وا فەرز کەن کوڕێک خڕدەبنەوە و بڕیار یان ئەوە دەبێ کە پولێک بۆ فەقیران کۆ کەنەوە ، ئەوە دوو حالەتی هە یە ، هەوەڵ : هەریەک لە ئەندامەکانی ئەو کوڕە دەس بۆ گیرفانی خوی بەرێ و پولێک دەرێنێ و لەسەر میز دای بنێ ، ئەوە دیارە بەرهەمێک لەو دەستیە هەڵدەستێ و خزمەتێکیش بە هەژارودا ماوەکان دەکرێ . دووهەم: هەریەک لەئەندامانی کۆڕ خۆیان لە بیر نەبێ، وە تەنیا نوتقێ بکەن کە دەستی فەقیران گرتن چەندە شتێکی باشە و خودا چەندبەرامبەر تۆڵەی دەکاتەوە... هەرکەسەش چاوە ڕێ بێ کە پیاوەکەی تەنیشتی پولی بدا . دیارە کە لەو حالەدا نەتەنیا هیچ بەرهەمیک وەدەس ناکەوێ ، وەختێکی زۆریش بە فیڕۆ دەچێ . هەر ئەو مەسەلە سادەو ساکارە دکرێ لە گەڵ کاروباری سیاسی وکۆمەڵایەتیش تەتبیق وبەرژەوەند - بکرێ . زۆربەی ئەو کۆششانەی کە لە تەواوی میژووی ئێمە داکراون، ئایا هەروەکوو حالەتی دووهەمی ئەومە-

سەلەیە نە بوون ؟ ئێمە هەتاهەتایە بی کوتین تە-
نیا یەك ڕێگەمان لە بەرەکە بە ئامانجمان بگەینێ
ئەویش ڕێگەی عەقڵ ، ڕێگەی عیلم، ڕێگەی ڕاستی وچاك
بوون ، غەیرئەو ڕێگەیانە ، لەهەر ڕییەکی دیکەوە -
بڕۆین ، پەشیمانیو دەست بەتاڵی مان پێ دەمێنێ و هەرلە
سەر سیفر دەبین . بەبێ عەقڵ، بە بێ عیلم، بە بێ چاك
بوون ، دڵخۆشیمان بەئاڵ و گۆڕی دونیاهە بێت و پێمان
وابێت کە ئەو تەغیرو تەحەوولانە ئێمە بەرەو خۆشبەختی
دەبەن ، هەروەك جوتێرێك دە چین کە نە زەویهە یە و
نە تۆ و ، بەو حالەش هەر باسی باران بارین و بە هارها-
تن دە کات، وە وا نیشان دە دات کە وەك جوتیارە زەوی
دارەکان چارەنووسی ویش پەیوەندی بە بارین ونەبارینەوە
هەیە .
ئەوە حەقیقەتێکی زۆرتاڵە کە داخەکەم لە نێو گەلی
ئێمەدا ڕێگەیکی ڕووناك بۆ ژیان نیە، چ بۆ ژیانی شەخسی
وە چ بو ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسی، هۆی ئەوەش ڕوونە ، -
هەروەك دارۆین دەڵێ: هەر ئەندامێکی بەدەن ئەگەر بۆماوە
یەکی زۆر دەکار نەهێندرێ وردە وردە لە ناوە دە چێ، لە
نێومەدا " عەقڵ" وای لێ بەسەر هاتوە، هێندەلە مێژە دە
عەمەلیان نەهێناوە کە بەڕاستی وەختە لە ناو بچێ .

لەدواییدا بە پێویستی دەزانم کە بڵێم : ئەمن تەنیا بە ئیراد گرتن و عەیب ژماردن ، کە هەر دووك زۆر - هاسانن نامەوێ ڕای بوێرم ، بڕیارم ئەوە یە کە بە نووسین وبڵاو کردنەوەی ڕاستی قەرزی خۆم بە جەماوەر بدەمەوە ، وە بوپێکهێنانی کۆمەڵێکی پڕ لە خۆشی و حەسانەوە لەقەدەر توانایی‌خوم (کەدەزانم زۆرکەموو عەیبدارە) هەنگاوێك هەڵگرم ، لەو ڕێگەیەشدا نیازم زۆرتوند بە ڕێ نموونی وهاوکاری و دەسگرتن هەیە ، بەو هیوایەوە تکام ئەوەیە کە بە نێو و نیشانی : مەهاباد- چاپەمەنیی سەیدیان بیروڕای خۆتانم پێ ڕابگەینن .

xxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxx

کارەکانی دییکەی کۆکەری ئەو نووسراوەیە:

الف ) چاپکراو بە کوردی :

١- کۆمارەکوردیەکەی سالی١٩٤٦ لەدوو بەشدا

٢- سۆفیایەتی

٣- فەرهەنگ چیە ؟

ب ) ئامادە بۆچاپ ، بە کوردی :

١- بیروڕاکانی نێهرو

٢- بیرەوەرێکانی ئارشی روزوێلت .

ج) ئامادە بۆ چاپ ، بە زمانی فارسی :

١ـ خودآموز زبان اردو دردوماه    نوشته پروفسورعزیزالرحمن
بەانضمام یك فرهنگ لغات سه زبانه فارسی/اردو/ کردی ٠
٢ـ نقش آغا / شیخ/ وسلطان درزندگی اجتماعی وسیاسی کردستان
نوشتەی مارتین٠م٠وان برونسه   چاپ ولەتن اصلی ١٩٧٨ هلند٠

xxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxxx

چوونکوو دەمانەوێ کە کتێبی : کۆمارە کوردیەکی ساڵی ١٩٤٦ بە زمانی فارسی وە هەر دووك بەش لە یەکجڵد دا بڵاو کەینەوە ، تکایە ئەو کەسانەی کە سەنەد وبەڵگەو وێنەی میژوئیان لەلای هەیە کە پەیوەندی بەو مەبەستەوە هەبێت ، لە ئیختیارمانی بنێن تا بە نێوی خۆیان لەو کتێبە دا چاپ بکرێ ٠ ئیتر خۆشی وبەختەوەری هەمووڵایەك لە یەزدانی مەزن ئاواتەخوازم ٠

سەیدموحەممەد سەمەدی

**********************************



ماموستای زانا عەبدولرەحمان زەبیحی
بەشوینترین وگرینگترین ئەندامله
بناغەدانەرانی ژی • ك •
ئەو وینەلە بیروت هەلگیراوە •



جەنابی مەلا قادر مودەررەسی



کاک سەددیق حەیدەری



خودا لیخوشبوو عەبدولرەحمان ئیمامی



حوسین فروهیر
(حوسینی زیرینگەران)



موحەممەدیاهوو



میر حاج(عیراقی)



ـودا لیخوشبوو **قاسم** قادری



شەهیدموحەممەدنانەوازادە



خودا لیخوشبوو رەحمان کەیانی



خودا لی‌ خۆشبوو موحەممەدنا نەوا زادە

پێشکەش بە دایکی خۆشەویستم

ژێ. کاف
چیوو؟ چی دەویست؟

وە چی لێ بەسەرهات؟

کۆکراوی: سەید موحەممەد سەمەدی

مەهاباد ـ خەرمانانی ۱۳٦۰ی هەتاوی
۲٥۹۳ی کوردی
۱۹۸۱ی زایینی.